# لێرە و لەوێ

## یەکیەتی ئەوروپا بە (٩٧٥)ملیۆن دۆلار چەند کۆمپانیایەک سزا دەدات



لە٢٤/کانوونی دووەم/٢٠٠٧ یەکیەتی ئەورووپا بڕیاری سزادانی چەند کۆمپانیایەکی زەبەلاحی بە (٧٥٠)ملیۆن یۆرۆ دا کە دەکاتە (٩٧٥)ملیۆن دۆلار. ئەم بڕیارە (١١)کۆمپانیای لە وڵاتانی یەکیەتی ئەوروپا و سویسرا و یابان گرتەوە، هۆی بڕیارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێککەوتنەی چەند کۆمپانیایەک لە نێوان خۆیان کردبوویان بۆ پاوانکردنی نرخی ئامێری قورس کە لە وێستگەی وزە بەکاردەهێنرێت تا وەکو نرخەکەی لە ئاستێکی دیاری کراو دا جێگیربێت. شایانی باسە یەکەمجارە یەکیەتی ئەورووپا سزای وا قورس بەسەر کۆمپانیاکاندا بسەپێنێت و لەو سزایەش کۆمپانیای (سیمنس)ی ئەڵمانی بەشی پتری بەرکەوت کە نزیکەی (٣٩٦)ملیۆن یۆرۆ بوو. لیستی ناوی ئەو کۆمپانیایانەی وەبەر سزا کەوتوون (ئەی بی بی)سویسری (ئەلستۆم)و (ئەریفا)ی فەرەنسی، (فوجی)، (هیتاشی)، (میتسوبیشی)، (تۆشیبا)ی یابانی (شنایدر)، (فی ئەی تک)ی ئەڵمانی.

سەرچاوە / ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)

ژمارە ١٠٢٨٥
٢٥/ک٢/٢٠٠٧

## ڕێگایەکی ئاسان بۆ دۆزینەوەی ڤایرۆس بەبێ هیچ پرۆگرامێک







لەوانەیە زۆرتان ئەم ڕێگایە بزانن و زۆرێکیش بە ڕێگایەکی کۆنی لە قەڵەم بدەن ، بەڵام لەگەڵ ئەمەش زۆرێک نایزانن ڕێگاکە زۆر ئاسانە و پەیڕەوی ئەم هەنگاوانە بکە :

١. بڕۆ Star و Run هەڵبژێرە و بنووسە Command یان Cmd .

٢. بنووسە .. Cd ئینجا Enter و دیسان بنووسەوە... Cd ئینجا Enter.

٣. بنووسە .. Cd Windows ئینجا Enter ئینجا بنووسە Cd System32 ئینجا Enter .

٤. بنووسە Setup

٥. کەمێک چاوەڕوان بە ئەگەر نامەیەک نوسرا (تکایە بگوازەوە بۆ تەختە کلیل)ئەوا بزانە کۆمپیوتەرەکەت بێ ڤایرۆسە، جا ئەگەر ئەم نامەیە نەنوسرا ئەوە دەبێتە بەڵگەیە کە کۆمپیوتەرەکەت ڤایرۆسی تێدایە.



# ئینتێل سایتێکی فێرکاری بە زمانی عەرەبی لەسەر ئینتەرنێت دادەنێت




**کۆمپانیای ئینتێل سایتێکی تایبەت بەفێرکاری لە ئەنتەرنێت دانا**

www.intel.com/arabic/education

ئەم سایتە دەروازەیەکی گرنگە بۆ کۆمپانیای ئینتێل و لە تشرینی دووەمی / 2004 کاری پێکرا . ئەم دەروازەیە زانیاری چڕ لەسەر کۆمەڵێک شێوازی فێرکاری کە ئینتێل بەڕێوەی دەبات دەخاتەروو . ئەم سایتە بەشی تایبەت بە وڵاتانی ناوچەکەی تێدایە و وایکردووە رووبەرێکی ژمارەیی فراوان بۆ مامۆستایان و قوتابیان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا دەربارەی رووداوەکان و کەرەستەی خوێندن و پرۆگرام و شێوازەکانی فێرکردن برەخسێنێت . فیروە جورتاس / بەڕێوەبەری کاروباری خوێندن بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست و تورکیا و ئەفریقیا لە کۆمپانیای ئینتێل رایگەیاند ، دەزگاکەیان ئاستی شوێنە عەرەبیەکەی فراوانکردووە و بەمەش خوێندنی هەرێمی پەرەی سەندووە و هەلێکی بۆ قوتابیانی عەرەب و دراوسێکانیان رەخساوە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و پەیوەندیکردن . ئەم سایتە نوێیە زانیاری لەسەر (بەرنامەی فێرکردن بۆ دوارۆژ)ی تێدایە ، سەرەرای ناوەرۆکی پرۆگرامەکانی فێرکاری لە میسر و ئوردن و سعودیە و ئیمارات و لبنان کە ئینتێلیش بەشدارە تێیدا . هەروەها شرۆڤەی چۆنیەتی بەشداریکردن لە دەستپێشخەری پێشختنی کۆمەڵگا و گۆڕانکاریە ئیجابیەکان دەخاتەروو . پرۆگرامی فێرکاری ژمارەیی (دەستپێشخەریەکە ئینتێل لە رۆژهەڵاتی ناوەراست ختسیە روو )پرۆگرامێکی بەرفراوانە و چەند ساڵێک دەخایەنێت . ئینتێل لە دەستپێشخەریەکەی پشت بە جموجۆڵە زانیاریەکانی پێشو لە ناوچەکە دەبەستێ، کە خۆشی بەشداری تێداکردووە وەکو بوارەکانی هاوکاریکردنی پرۆژە تایبەتیەکان و بەشداریکردن لە بڵاوکردنەوەی کۆمپیوتەرو تۆرە ژمارەییەکان و پاڵپشتی کردنی بەهرە تەکنیکیەکان و زانیاریەکان .

سایتی: www.balagh.com

## تەلەفۆنی گەرۆک لەوانەیە ببێتە هۆی نەزۆکی

دەزگای (کلیفلاند کلیک)ی ئەمریکایی لە لێکۆڵینەوەیەکدا هۆشداری مەترسی بەکارهێنانی زۆری تەلەفۆنی گەرۆک دەدات کەلەوانەیە ببێتە هۆی لەناوبردنی تۆوی مرۆڤ (الحیوانات المنویە). لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بە کەمبوونەوەی خێرایی تۆوی مرۆڤ دەکات بە بەراورد لەگەڵ کەسێک کە بەشێوەیەکی ئاسایی مۆبایل بەکاردەهێنێت دکتۆر (ئەشوک ئەجروال) کە سەرپەرشتی تیمی لێکۆڵینەوەی دەکرد، دووپاتی کردووە کەهۆی ئەو گۆڕانکاریەی بەسەر چەندایەتی و چۆنایەتی تۆوی مرۆڤدا دێت دەگەرێتەوە بۆ ئەو تیشکەی لە ئامێرەکە دەردەچێت.

هەروەها گوتی: ئەو تیشکە کاریگەریەکی گەورە لە ترشەلۆکی ناوکی دەکات و ئەویش بەدەوری خۆی کاردەکاتە سەر خانەکانی گون کە هۆرمۆنی (التیستوستیرن) بەرهەم دەهێنێت، یان ئەو بۆریانەی کە تۆو بەرهەم دێنێ. لەهەمان کاتدا ئاماژەی بەوەدا کە لێکۆڵینەوەکە نەیتوانیوە کاریگەری مۆبایل بۆ لەناوبردنی تۆو بسەلمێنێت، بەڵکو ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەی سەلماند کە پێویستە بەدواداچوونی ورد لەم بابەتە بکرێت، کە زۆر زانای تریش لەگەڵ ئەم رایە کۆکن، چونکە زۆر هۆکاری ترهەن کەدەبنە مایەی کەمبوونەوەی تۆو وەک جگەرەکێشان و تەمەن و کێش و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.

سەرچاوە / ئینتەرنێت

## لێکۆڵینەوەیەک :

# ئافرەتان ئامێرە تەکنەلۆژیەکان لە خشڵ بەپەسەندتر دادەنێن



له ئامارێکدا دەرکەوتووە کە ئافرەتان ئامێرە ئەلکترۆنیەکان وەکو تەلەفزیۆنی شاشە پلازما و(ئای بووز)بۆ دۆسیە مۆسیقیەکان بە پەسەندتر لە پێڵاو و خشڵ دەزانن.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کەتۆری تەلەفزیۆنی oxygen) network)لەسەر 1400 ئافرەت و 700 پیاو ئەنجامی داوە کە تەمەنیان لە نێوان 15 ـ 49 ساڵ بوو، 77%ی ئەو ئافرەتانە تەلەفزیۆنێکی شاشە پلازما لە پارچە خشڵێکی ئەڵماس بە پەسەندتر دەزانن، هەروەها 86% ئەوانەی کە دیدو بۆچوونیان وەرگیرابوو، کامیرایەکی ژمارەیی ڤیدیۆیان لە جووتێک پێڵاو پێباشترە.

زۆربەی ئافرەتەکان گوتیان ئەگەر هەریەکە و (500)دۆلارمان بدرێتێ بۆ خەرج کردن، ئامێری ئی بووز دەکرین نەک شتی تر. جیرالین لیبورن، سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای تەلەفزیۆنی ئۆکسجین گوتی : ـ ئەو جیاوازیەی ئافرەتان لەگەڵ پیاو هەیانبوو لەبواری ئارەزووی بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژیەکان، ئەو جیاوازیەیان نەهێشتووە و ئێستا ئافرەتان خاوەنی ئامێرەکانی تەکنەلۆژین بەرێژەی 6 و 6% بەرامبەر بە 9 و 6% بۆ پیاوان، هەروەها گوتی 80% ی ئەو ئافرەتانەی بەشداریان لە لێکۆڵینەوەکە کرد دەڵێن، ئێستا هەست بە ئارامی دەکەین چونکە ئەو ئامێرانە بەکاردەهێنین وە سێیەکیشیان خۆیان بە شارەزای تەکنەلۆژی دادەنێن.

خۆزگە ئافرەتانی خۆشمان لەجیاتی بیرکردنەوە لە کرینی پارچە خشڵ، بەرەو بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژیەکان بچن؟.

## ئیمارات :

# کۆمپانیای (أتصالات)خزمەتگوزاری پەخشی تەلەفزیۆنی لە رێگای تەلەفۆنی گەرۆک (مۆبایل) بڵاو دەکاتەوە.

کۆمپانیای (أتصالات) ی ئیمارات لە سەرەتای ئاداری ئەمساڵ رایگەیاند کە خزمەتگوزاری وەرگرتنی پەخشی تەلەفزیۆنی لە رێگای تەلەفۆنی مۆبایل کەوتە کار و ئێستا هاوبەشانی (أتصالات) دەتوانن کۆمەڵێک کەناڵی هەواڵ و وەرزش و زانستی، ئەوانەی ئامێری مۆبایلەکەیان تەکنیکی نەوەی سێیەمی (G3) تێدایە، وەربگرن.

هاوبەشەکان دەتوانن بە هەردوو سیستەمی پارەی پێشوەختە و (GSM) لە قۆناغیەکەم (10) دە کەناڵی عەرەبی وبیانی لە سنووری ئیمارات ببینن، کەناڵەکانیش بریتین لە : کەناڵەکانی ئەبو زەبی و دوبەی بۆ وەرزش ، عەرەبیە ،ئەبو زەبی،BBC، CNBC, MBC ، جەزیرە و جەزیرەی نێودەولەتی.

شایان باسە ئەم خزمەتگوزارییەی توری پەیوەندییەکانی -أتصالات- بە خۆرایی بە بەشدار بووان دەدرێت.

دەربارەی ئەم خزمەتگوزارییە (عیسی الحداد) سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیا لە لێدوانێکیدا رایگەیاند: ئامانج لە دانانی ئەم خزمەتگوزارییە ئەوەیە، بەشداربووان لە دەرەوەی ماڵەکانیان بتوانن ئاگاداری هەواڵ و زانست و زانیارییەکان بن و ئارەزووەکانیان بهێننە دی. ئەمەو گوتیشی ژمارەی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانیش لە قۆناغی دووەم زیاد دەکرێت ئەمەش بۆ ئەوەی بەشدار بووان بکارن پتر سوودی لێ ببینن.



سەرچاوە:
www.pcmag-arabic.com

# ئەم سایتانە بناسە




www.kurdlinx.com

سایتێکی زانیاری گشتیە و لەم ماڵپەرەدا دەتوانی سەردانی شارەکانی کوردستان و سۆپەرمارکێت و کۆمپانیاکان و وەزرەش و پارتە سیاسیەکان و سایتە حکومیەکان و گۆڤار و رۆژنامەکان ... بکەیت. هەروەها هەواڵ و وردەکارییەکانی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و مۆبایل و سەتەلایت و زانست دەخوینینەوە، بۆ ئارەزوومەندانی فێر بوونی زمانی ئینگلیزی دەتوانی بە چوار شێواز ئارەزووەکەت پەیرەو بکەیت. کە سەردانت کرد دەتوانی زۆر بابەتی جیاجیا لە شوێنە بخوێنیتەوە.

www.it4kurd.com

پێگەیەکی تایبەتە بە بواری تەکنۆلۆژیای زانیاری سەردانێکی ئەم سایتە بکە و ئەو بابەتانە بخوێنەوە و سوودی لێوەربگرێ. لینکی پرۆگرام کردن، هەواڵ، لینکی پێگەی بە سوود، وێنەی سەرنج راکێش و ... هتد.




www.c4kurd.com

لەم سایتە دەتوانی سەردانی یانەی کوردستان و بەشەکانی بکەیت، هەروەها بابەتی جۆراوجۆر دەربارەی چۆنیەتی دروستکردنی سایت و نووسین بە کوردی و جیهانی ئینتەرنێت و سایتی کوردی دەخوێنیتەوە، ئەمە و دەتوانی هەر پرسیارێکت هەبێت ئاراستەی سایتەکە بکەیت و ئەوانیش وەڵامت بدەنەوە. هەروەها دەتوانی ببیتە ئەندام لەم سایتە.




www.zkurd.org/diyako/m/

هەرچەندە لە ژمارەی رابردوو ماڵپەری زانیپەروەرانی کورد بە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان ناساند، لەم ژمارەیەدا و لەبەر گرنگی بابەتی (چێکردنی ماڵپەر) دیسان ئەم سایتە بە خوێنەرانی ئازیز دەناسێنین. بە تایبەتی ئەوانەی دیانەوێت زانیاری دەربارەی دروستکردنی ماڵپەر وەربگرن. دەتوانن سوود لەم سایتە وەربگرن.

www.pcmag-arabic.com

سایتێکی عەرەبیە و تایبەتە بە جیهانی تەکنۆلۆژیا، لەم سایتەدا دەتوانی دوا هەواڵی زانستی و زانیاری و گەیاندن بخوێنیتەوە.

هەروەها دوابەرهی کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆژی بڵاو دەکرێتەوە. ئەمە سەرەرای دەیان لێکۆلینەوەی زانستی و زانیاری تۆرەکان و بەرهەمی کۆمپانیاکان و ... هتد سوودی لێوەربگرن.